**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**

**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**

**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

📚 **لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**

📚 **تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**




# بەشی یەکەم

لە دیوانی

## محمد توفیق وردی

چاپخانەی [ سلمان الاعظمي ] – بەغدا

وەزارەتی کاروباری سەروو بۆ چاپ کردنی ئەو نامیلکەیە یاریدەی داوم

# بانگی کوردستان

## بەشی یەکەم لە دیوانی

محمد توفیق ووردی

[ چاپی یەکەم ]

چاپخانەی [ سلمان الاعظمي ] – بەغدا

# پێشەکی

دەمێکە بەئاواتەوەبووم کە چەند بەشێك لە دیوانەکەم چاپ بکەم ، چونکە زۆرکەس هەیە دەڵێن «ووردی » تەنیا لەنووسین سەرکەتوە هەتا هەندی ( پیاوباشەکان ) ! دانیش بەوەداناهێنن کە هێچ شتێکمان بۆ کورد نووسیبێ چونکە نامێلکەکانم «ووردن»و زور زل نین بەوێنەی نامێلکەی هەندی نووسەری کورد !! دینارداره‌کان !!

بێ گومان هەرمرۆڤێك لەناو گەلدا تاقمی لایەنگیری ئەکەن‌و تاقمی تریش سەرو گوێلاکی ئەشکێنن .... کابرایێ کە هەتا پێتێ لە هەڵبەست‌و نووسین نازانی‌و نامێلکەیەکی کوردی نەخویندوتەوە بەمنی ووت : «ئەرێ کاك ووردی تۆش خوت بە بوێژ حساب ئەکەیت ؟ » .

من لێرەدا هەندی لەهەڵبەستەکانم خستە بەرچاو کەسادەن‌و بەپەناو پێچ نین چونکە من لەسەر شێوەی قوتابخانەی « رومانسی » ناڕۆم کەتەنیا « ووشەی بریقەدارو جوان گەرچی لەجێگەی خۆشی نەبێت » بەگرینگ ئەزانن بەڵکە شێوەی هەڵبەست‌و نووسینی من بۆگەلـە ، بۆ ملیونـەها لەکوردی سادەیە ، بۆ ئەوانەیە کە لە بەرو بوومی زانین‌و خوێندەواری بێبەشن‌و بۆ چینی چەوساوەیە ، ئەوانەش پێویستیان بەهەڵبەست‌و نووسینێك هەیە کە تێیَ بگەن نەك وەکوو مەلایەك بن کە نووشتەیَ بۆ ژنی نەخوێندەوار کرد لەپاشان کەتەواوی کرد پێیَ ووت : « لەناو مائەکە غوسلی کە مائەکە شرب کە بەسەر کەتفی یومنات موعەلەقی کە » ،

ژنەش پێی ووت : « ئەرێ مامۆستا خوا تەمەنت درێژکات زۆر دوعـات بۆ کردم پێم بڵێ نووشتەکە چی لێ بکەم وچۆن بەکاری بهێنم ۰۰۰۰ » .
آیا ئەوانەن بوێژو نووسەر ؟!

من خۆم سادەم فرت‌وفێڵ نازانم هەڵبەستەکانیشم ســـادەن‌و تەنیا ڕازاندنەوەم لەلا باش نیە بۆیە زوربەی ( شـــەهادە دارەکانی بەرز ) ! چەند بوێژیکیان کردوتە بنێشتی ژێر ددانیان‌و هەر ئەی‌جوونەوە « ئـەی میللەتی کورد من ئەوبەشەم لەهەڵبەستەکانم بۆ تۆ پیش‌کەشـــە جانازانم تۆ چە پاداشێکم ئەدەیتەوە ؟ » .

**بەغدا : ووردی**

# بەهـاری کوردستان

— ١ —

کەژو دارســتان گوڵزارو بێستان
وەك بووك ڕازاوە
سەری بە بەیبوون بەگوڵەنیسان
شیرین نەخشاوە
لەنجەو لارەکا هەلاڵەی نسار
مزگینی ئەبا بۆشنەی ڕووبار
بەدەنگێ خۆشتر لەسەد عودو تار
ئەڵێ ئەوا هات پڕشنگی بەهـار.
بەهـاری، خاکی کوردســتانی جوان
ئەکوژێ زوخاوو تاڵاوی ژیان

— ٢ —

دەنگی شمشاڵی شوان دوور بەدوور
لائەبا لە دڵ ماتەمی ڕەنجوور
زەوی لەهەرلا زەردو سەوزو سوور
دیمەنی جوانی ئاسکولەوو شوور
کە لەدەم ئاوی تاڤگە پاڵ کەوتوون
لەسەر سەریشیان مەل لە هاتووچوون
سویسرەو لبنان داماوەو زەبوون
کویری لێ کەوتوو چاوی ئەبێ ڕوون
چونکە دیمەنی خاکی گەلێـکە
هەرگۆشەی ڕەنگێ لەدیمەنیکە

## — ٣ —

جریوەی باڵداری بەیانی ڕووناك
پێکەنینی خۆر
بزەی سەر لێوی ئاسۆیی لاوچاك
دورستبووی بلوور
شەوان ئەستێرە لەقوببەی مینا
وەکوو شەوچرا
ئەتریسکێتەوە جارجارە خێرا
دیمەن لەژێرا
نێرگزی گەردوون لەگەڵ هێ‌زەمین
دڵداری ئەکەن وەکوو مەمو زین !

## — ٤ —

کەشنەی بادێ وەکوو سێووبێ
تێکەڵاو ئەبێ
چنارو سەرویش لەلەنجەولارە
ئەڵێی دڵدارە
بنەوشەش خەندان ئەلەرزێ شادان
بووکی بێ‌زاوا
نسرین سەرکزەو زلفی پەرێشان
کەلە دەم ئاوا
پۆلی گوڵانی ناو باخو چەمەن
بۆهاتنی بەهار دەست بەسنینگەوەن

— ٥ —

قەڵبەزی کانی ئاو زیوینی کێو
ئەپرژێتە خوار
پێچاو پێچ ئەڕوا لەدوڵو نشێو
ئەخشێ وەکوومار
بریقەی بەردو چەوی سەدمەرجان
والەیەو حەیران
زلفی بارێزەو شەپۆلی خەندان
ئەڵێ بەزمان
خۆشتر لەدووسەد ئاوازی شیرین
مزگێنی واهات بەهاری ڕەنگین

— ٦ —

بەفری چوەوەی پەلەپەلە بوو
وەك مێگەلی مەڕ
لەبن لەشکری هەوری تەمی زیو
ناهێڵێ کەسەر
مافووری گیاو باقەی گیابەند
وەك کۆتو کەمەند
دڵ ڕائەکێشن لەناو دەشتو کەند
نابینی گەزەند
هەرچی هەڵمژێ هەوای کوردستان
نایەوێ چارەو پەزیشکو دەرمان

— ٧ —

گفت‌و گۆی بلبل خونچه‌ی نه‌کراوه
سه‌رله‌به‌یانی
قاسپه قاسپی که‌و پوڕی ده‌م‌ئاوه
فرمێسکی کانی
شه‌پولی قه‌رسیل له‌نجه‌ی شه‌نگه‌بی
لاولاوو چنار
که‌تێك ئالاْون ده‌م له‌ســه‌ر ده‌م‌بی
وه‌کوو دوو دڵدار
په‌لکه‌ره‌نگینه‌ش وه‌ك زولفی له‌یلا
په‌رێشان بوو بێ به‌سه‌ر کوڵمه‌دا

— ٨ —

هه‌ڵپه‌ڕکێیی لاوو کچانی لادێ
له‌ناو مێرغوزار
ده‌نگی بلوێـرو هه‌یاســه‌ی که‌دێ
زه‌نگوڵه‌ی قه‌تار
ئاوازی حه‌یران لاوکو به‌ســته
ده‌نگ ئه‌داته‌وه
ئه‌وه‌ی بریـندار نه‌خـۆش‌و په‌ســته
دیلی ته‌واوه
کۆت ئه‌پچڕێنێ بێته کوردســتان
تێ‌ئه‌گا سوودی سه‌ربه‌ستی ژیان

شەقلاوەو قەندیل سولاف سەرچنار
بووکی جیهانن
پاش خۆنواندن پێت ئەڵێن بەزار
ئەگەر نایزانن
ئیمەین هەرساتێ ئەگۆڕین خۆمان
دڵ ڕائەکێشین
نامان مرینێ تالاوی زەمان
هەر بەرەوپێشین
هەر بەرزە ناوی خاکی کوردستان
وەك کێوەکانی سەر بەدارستان

بەغدا : ١٩٥٧

# نرخی نیشتمانم

کویە : ١٩٤٣

— ١ —

ئەی وەتەن دووربم لەتۆمن گیانو ژینم بۆچیە
تاجی شاهیو سونبلو گوڵ نازەنینم بۆچیە
یمەنی شاخانی تۆم بێ گوڵ چنینم بۆچیە
سێبەری مازوو بەڕوم بێ سەروی چینم بۆچیە
ئاوی بەفری تۆم لەکن بێ عەنگەبینم بۆچیە

— ٢ —

ساتێ گوڵزارت ئەهێنێ گشتی ملکی ڕووی زەمین
بەرهەتاوی نیوەڕۆی تۆ بردی نرخی شانەشین
ڕۆژی زستانت بەهارە بۆ گوڵو نەسرین چنین
وێڵو سەرگەردان لەدڕکت سەدهەزاران یاسەمین
دەس کەوێ گەر بەردی کێوت من سەرینم بۆچیە

— ٣ —

کەژ دەمێ سەوزو دەمێ ئاڵو دەمێ سوورە لەگوڵ
هەروەکوو بووکێکە خەملاوە لەسەردا تاکوو مل
نازکو پەنجەش دەڵێی بەلوورو دووچاوی بەکل
تاری گیسۆی تیرە دەڕفێنێ لەدانا هۆشو دڵ
گرمەباوەش یاری واشۆخ ڕوومەهینم بۆچیە

— ٤ —

نێرگزی ساراوو دەشتت هەردوویان هەریەکوو جووت
گشت پەریشانن لەسەر کێوان‌و گوڵزارانی ڕووت
خاو پەزیشکی دەردەدارو بێنی سونبل تاری مووت
پاچنارو گوشە هەنگوین سەروی خەندانە لەدووت
من هەلاڵم لایە مسك‌و نەستەرینم بۆچیە

— ٥ —

بلبل‌و قومری ئەخوێنن گوڵ لەشایی‌و پێکەنین
لالەوو بەیبوون وەنەوشە کەوتە خۆشی‌و هەڵپەڕین
ئاسمانی شینی بەرزیش کاتێ شینە گاە خەنین
گاهی مینایە لەناوی ڕۆژ وەکوو مامز لەدین
ڕووی گەشی خونچە ببینم پێکەنینم بۆچیە

●

## ئەوکۆشکەی !!

ئەوکوشکەی کەوا سەر لەئاسمانە
بناغەی سینگی سەد هەزارانە ؟!
ئەوبادەی کەواپێی سەرخۆش ئەبن
خوێنی دووهەزار رووت‌و بێ‌نانە !
خوێنی لەکولمەی زۆردارئەی بینی
خوێنی چەکاوی ئاوارەکانە

# وولاتی شیرینم

قەلادزە : ١٩٤٥

دوڕوت لالە شەوت ڕۆژو کەمت زۆرو تەمت شادی
بەهەشت بێ‌لات لەناو مەفتەن دەمێکی چاڵو زیندانت
گەزووومازوت هەیە بۆچی ئەخۆی شەکرو نوقل بێ‌دڵ
دڕو مەرجانە قیڕو نەوت لەنرخا زیوە زیوانت
کەتیرەو جەوتو مازوومان سەراسەر مایەیی ژینن
هەژارو بێ‌بەها ماوە جیهان یەك سەر لە خەرمانت
مەچۆرە بیروتو لبنان بچۆ شەقلاوەوو ژەنگار
بژی شادانە بێ ئەستەم لەناوخزمانو خوێشانت
بەیانی خوێندنی سویسکەو کەوو کوتر لەگەڵ پۆڕان
پیانوو عودو چەنگو نەی هەمووی قوربانی تەیرانت
شەماڵیش دێو ئەلەرزینی سپیندار ، بی لەسەر جۆگان
سەریش مەستەو پەریشانە لەبێنی سویسنو خاوانت
لەسەرگیا وەك دوڕی یەکتا تروسکەی دێ دوڕی شەونم
دووسەدگیان ماتو مەدهوشن لەتاسی سەر بەلەرزانت
لەئاسمان پەلکەڕەنگینە ئەبا ژەنگی دڵی بیمار
بەگەوهەر پڕبوە جۆگەو کنارو دوڵو شیوانت
بەخۆیو پەنجەکەی ڕەنگین لەگەڵ با شەڕئەکا نێرگز
لەگۆڕا مردوو دەردێنێ لەلەرزین بن چنارانت
چیاش بەفرە لەسەر لووتکەی قەدیشی زیوی تاواوە
لەشەو وەك پیرەشوخێکە کەرازابێ بۆ سەیرانت

ئەگریێ گانی وەك ( نلسر ) لەبۆ دووری دوو ڕووی ماڵ ماڵ
دەمادەم وورشە وورشیتی لەبیستنی خوشی پەیمانت

لەبن ڕازان بەدەنگی بەرز ئەووتری پایزو نەورۆز
هەیاسەی یار ئەپچرێنێ اقەتارو لاووكو حەیرانت

بەدەنگی باریكو پرسۆز ئەخوێنێ بلبلی سەرگوڵ
دەمێکە چاوەنۆڕیشە بکەی بۆ خۆت کە دەرمانت

هەڵێخی کۆشکی بەرزی ، بیبخی قوللەیی ماتەم
مەڕیمەردم نەچێ چیتر لەبۆ ناو پوش و پاوانت

●

## بەم کۆلیتە !!

بەم کۆلیتە چۆن ڕەزای
ناکەی دەمێ هاوارە

لە چواردەورت هەزاران
کوشکی بلند دیارە

آغاش لەناو باخچەداو
جوتیاریش بێ ئاوارە ؟!

# تاڤگەی بێخاڵ

**رەواندز – بیخال : ١٩٥٩**

بێخاڵ ئەی ڕەمزی بـەرزی کوردسـتان
بێخاڵ ئەی تـاجی شـانازی ژیـان
ژیـانی گـەلی کـوردی نەبـەزیـو
هەزار پەژارەو دەردو مەینەت دیـو
هاژەیی ئـاوی هـەزارەها سـاڵ
ئەدا بـەمێژوو تینو هێـزی زاڵ
کە ئەڕژێتـە خـوار لـەخاکی کوردان
ئەخشێ ئـاوەکـەت بەرەو کوردسـتان
مژدەی ئـازادی ئەبـا بۆ هـەموو
ئەڵێت : بنۆشـە لێم کوردی تینـوو
بێخاڵ تائێستێ هـەر هـاوار ئـەکـەی
بەسەر بەردو دار شەپۆلان ئـەدەی
سـەدەها هەزار ساڵت بەڕێ کرد
هێشـتاکە سـاوای منـاڵێکی ووزد
پیر نابی چونکە خاکی پیرۆزت
ئەمێنێ مۆلگەی میللەتو هـۆزت
فەوتان هەزاران شـاوستەم کاران
کەچی تۆ هەرمای تامـاوە جیهـان
لەم شاخە بەرزەی هـەزار بەهـەزار
وەك زیوی سپی وائەڕژێتە خوار

سازگار چەشنی ئاوەکەی ژیان
پێت ناگا دووسەد دختۆرو دەرمان
ئەو لووتکە بەرزەی تۆی لەداوێنە
نیشانەی هێزو نەمریو تینە

شەپۆلت بلوور هاژەت عودوتار
شاد بەدیمەنت مەلوولو خەمبار

لەگەرووی ( هەندرین ) دێیتە دەر پۆل پۆل
بۆ ئەوەی ئاودەی زەویو زارو دۆڵ

کارت تێ ناکا ئازارو مەینەت
پشتیوانتن پاك هێزی میللەت

بەڵام داخەکەم خاوەنت کوردان
هێشتا لەدواوەن لەرێگەی ژیان

تۆ ئاونی بەلکە ئاڵتونیو بلوور
دەس لێ نەدراوی وەك گەنجی ناو شوور

گەردەستی زانست رۆڵەی هونەروەر
بت گاتێ ئەبی بەدورو گەوهەر

لبنان سویچرەو نەمسەیی جوان
سوزدەت بۆئەبەن تۆی بووکی گەلان

بیسوود ئەچیەخوار بۆناو گەلی قووڵ
ئەش زانم کەخۆت داماویو مەلووڵ

تا ئەگەیتە ناو رووباری ( کاولۆك )
لەنجەولارەکەی چەشنی تازە بووك

لەپاشا دەنگت کپ ئەبێو بانگت
نامێنێ بەشین ئەگۆڕێ ڕەنگت
بەلاّم بزانە ئەی بووکە بێخاڵ
هەروا نامێنێ کورد وەك کەڕولاڵ

ڕۆژێ دێ تیٛبگا لەبانگ‌و خوڕەت
کەهات هەڵ کەووت هەڵکەوت‌و فرسەت

ئەڕازی دەورت بەتەلاری جوان
دێن بۆ دیدەنت لەهەموو جیهان

ئەخەملێ دەورت وەك گوڵی بەهار
پۆل پۆل دڵداران لەدێهات‌و شار

ئەبیە سەرمایە بۆکوردی نەبەز
بەبەرزی ئێمە تۆش ئەبی سەر بەرز

هەر لەئەوروپا تاخاکی ژاپۆن
سوێند بەجوانی‌و بەشەنگیت ئەخۆن

میللەتانی ڕەش سپی‌و زەردو سوور
ئەت‌ناسن بێخاڵ لەنێزیك‌و دوور

رووت تیٛئەکەن‌و سوپاست ئەکەن
هەرکەس بەجۆری خەلاّتت ئەکەن

لەسەر لاپەڕەی میژوو بەئاو زێڕ
شاهیدە دیرێك گەلێکە دلێر
وێنەت ئەگاتە سەرتاسەر زەمین
ئەنووسرێ ناوی خاکی کورد نوشین

مزگێنیت لێ بێ ڕۆژی بەرزی تۆ
تۆزێکە لەگەل مەکە قەت ڕۆڕۆ !

●

## هەرکەس !!

هەرکەس بۆ نیشتمانی
دەردو ماتەم پەیداکا
شادیو بەرزیو ئازادی
لە هیچ دەم ڕووی تێ ناکا
هەرکەس فروشتی خاکی
پەیکەرە بۆ ناپاکی
بێگانە نابێ بەدۆست
هەمانە نەبوەبە پۆست
گورگ نابێ بەشوان
بگرێتە دەستی گۆجان

# بانگی کوردستان

شەقلاوە : ١٩٥٩

هەمیشە وەك گوڵی جەنەت گەش و خەندانە کوردستان
وەکوو زولفی ڕەشی لەیلا لەڕوو پەخشانە کوردستان
خەزانی بۆنیە هەردەم بەهارستانە کوردستان
لەبۆ دەردی کوژەر خاکی دڕو دەرمانە کوردستان
لەهەرگۆشەو بنارێکی خلەو خەرمانە کوردستان

★ ★ ★

دەمی ئێوارە سەیری کێوەکانی کە لەدیمەن دا
ئەکا شانازی و خەندە بەسەر کوێستانی ئەلوەندا
دەڵێی زینەو قەدی بەرزی لەدامەن مەم لەپێوەندا
تەمیش وەك ئاوێنەی زیوین لەداوێن و کەمەربەندا
لەجەرگەی مێژوویی دنیا کوڕی دەورانە کوردستان

★ ★ ★

شەوانی خاڵی زەنگی ڕەش لەسەر کوڵمەی جهان دا ڕوون
ئەبێ سەرسام دووسەد مانی لەنەشئەی نێرگزی گەردوون
تریسکەی مانگ لەناو کانی بزەی سەرلێوی سەد ئاڵتوون
هەتا خاوو مسك سەرخۆش لەبێنی سونبل و بەیبوون
لەگەوهەر دابڕێژم پەیکەرت هەرزانە کوردستان

★ ★ ★

شەماڵیش دێو ئەلەرزێنێ قەدی بیو شەنگەبیو عەڕعەڕ
ئەچێتە خوار سەروو لەنجەی لەجەرگو دڵ وەکوو نشتەر
ئەپرژێ ئاوی تافگە وەك پیاڵەی مەی بەسەر مەڕمەڕ
ئەڕازێنێ وەکوو بووکێ چەمەن خۆی یارە هەم دلبەر
بەسەربەرزی لەگێتی دا چەکی مەیدانە کوردستان

★ ★ ★

بەیانی خۆر کە هەڵ دێتو ئەدا پورتەو لەگوڵزارا
بەسەر دەشتو چەمەن شادی هەڵەکشی هەروەکوو تارا
بریقەی شــەونمی مینــا لەســەر لێو نیرگزی زارا
وەکوو گەردانەیە مێرگیش لەمل یاری وەفادارا
لەوەسفی ڕووت بەسەرسامی قەڵەم لەرزانە کوردستان

★ ★ ★

بچۆ بێخاڵ بزانە چی ئەکا لەنجەو شــەپۆلی ئــاو
لەبەرزی وەك بلوورێ گەش بەسەر کوڵما بێ پەخشاو
لەگەڵ تیشکی هەتاو شەڕیە دڵۆیە ئاوەکەی پرژاو
ئەلەرزێنێ لەداوێنیش چنارو شەنگەبیو لاولاو
هەموو تیکڕا ئەڵێن مولگەو قەڵای شێرانە کوردستان

★ ★ ★

برو بۆخاکی (هەورامان) لەناو باخا بژی شادان
بنۆشە ئاوی کانی سارد لەجێگەی مەرهەمو دەرمان
بنۆڕە شاخەکان ساتێ بەسەرسامی ئەبی حەیران

لەناو دوێلیش حوڕەی کانی لەسەر بەردی وەکوو مەرجان
سرووودێکە ئەڵێ شادبێ دڵە ئێمانە کوردســــتان

★ ★ ★

سەرم شێواوە چۆن وەسفی بکەم شاخ‌و کەژی بەفرین
لەژێر پرشنگی ڕۆژی ڕوون تریفەی مانگەشەو زیرین
پەڵەی ڕەش خاڵی سەرکوڵمەو لەسەر ئەندامی بەلوورین
کەژوبەفرن لەباوەش یەك دوو دڵداری بەدڵ دێرین
وڵاتی سەربەخۆیی‌و قەڵای مەردانە کوردستان

★ ★ ★

مخابن داخی من داخە بەهاری ئێمە هەرشینە
ئەگەرچی خاکی کوردستان سەراسەر دوڕو زێرینە
وەکوو بووکێکێ ڕازاوە بەدیمەن جوان‌و شیرینە
گوڵێکی وایە سیس نابێ گیاوو دڕکی نەسرینە
چەسودێکی هەیە زنجیر لەدەست‌و شانە کوردستان

★ ★ ★

لەدوولاوە دوو دێوی ڕەش ئەنۆشن خوێنی ڕۆلانی
لەهەرلا بۆتە سەرباری کەلەبچەو کوت‌و زیندانی
ئەچێتە قوڕگی بێگانە بەروبووم نەوت‌و سامانی
لەسەر ئەوحاڵە ڕازی نین ئەبێ دەرکەن لەلەش گیانی
ئەڵین مخاکی چەتەو خوێن ڕێژ دزو گۆڕانە کوردستان !

★ ★ ★

بەڵام هەروا نەزان نابن گەلو هوزو نەوانی کورد
نزیکەی ڕۆژی ئازادی لەسەر شاخو کەژانی کورد
لەناو پرشنگی سەربەستی ئەچێ بۆپێش جەوانی کورد
ئەپچڕێنی کەلەبچەو کۆت لەئەستۆ یەك تەکانی کورد
لەهەرچوارلاوە بارووتو گڕو بوڕکانە کوردستان

## ئیشێك !!

ئیشـێك بۆ نیشـتمانت
بەسـەد گوفتە بەرامبەر
چونکە بەفوو ناڕووخێ
قەڵاتو کوشكو سەنگەر
هەندێ کەس هەربەفیشاڵ
بەقسەی پووچو بەتاڵ
لەچایخانەو سەرجادە
لاگری گەلو دادە
بەڵام ڕۆژی لێقەومان
وەك چەقەڵی دارستان
خۆی مەڵاس ئەداو ئەڵێ
باسی گەلم بومەلێ
گەر لەمەیدان کەس نەبێ
ترسنۆك سامی ئەبێ !!

# شەقلاوە

١٥/٨/١٩٥٩

شەقلاوە خاکی کوردان ‏ ‏ ‏ مەڵبەندی شێرو مەردان
دیمەنیَ باخی میوەت ‏ ‏ ‏ هەر لەگوڵ ئەچی شێوەت
لەنجەی چنارو لاولاو ‏ ‏ ‏ شەنگەبیو سەروی دەم ئاو
ڕائەکێشێ دڵو گیان ‏ ‏ ‏ کاتو دەمی ئێواران
خوڕەی ئاوی ساردی تۆ ‏ ‏ ‏ دارو دڕکو بەردی تۆ
گەوهەرو شەوچراغن ‏ ‏ ‏ هەزاران بۆی بەداغن
بۆنی گوڵانی چیمەن ‏ ‏ ‏ بەیبوون هەلاڵەوو شەن
سەرخۆشت ئەکا بێ مەی ‏ ‏ ‏ نەخۆش ساغە بەنەشئەی
قوڵپەی کانی وەك بلوور ‏ ‏ ‏ خاكو بەردی سەوزو سوور
سەدگەوهەری بەقوربان ‏ ‏ ‏ مردوو دێنێتە جولان
شنەی شەماڵ کاتێ دێ ‏ ‏ ‏ ئەدالە سیوو بەهێ
ئەڵێی بووکەو لەنجەدار ‏ ‏ ‏ ئەچێ بۆ باوەش دڵدار
زولفو نازی شۆڕەبی ‏ ‏ ‏ لەدڵ تیرەو گیرئەبی
خەندەی گوڵی پشکوتوو ‏ ‏ ‏ بانگت ئەکا ڕوو بەڕوو
هەنار وەك مەمکی دڵبەر ‏ ‏ ‏ هاتوتە خوار بۆ کەمەر
خۆخیش چەشنی کوڵمەی سوور ‏ ‏ ‏ خۆی ئەنوێنێ دوور بەدوور
گوێزیش قەدی بڵندی ‏ ‏ ‏ ئەشەبگێنێ بەمەندی
خوشەوانی مانگەشەو ‏ ‏ ‏ کەئەدا لەکێو پوڕتەو

«سەفین»و داروبـاری    ئەبتە گردی مرواری
مازوو بەڕوو قەزوان    کەوەت، گوێزو، ئەرخەوان
دەست تێك ئەگرن بۆشایی    وەك كوڕو كچی ئاوایی
بزەی لێوی مانگی جوان    ئەپرژێتە ناو داران
ئەهێنێ بەختیاری    شاد ئەكا پەستو زاری
كوترە باریكەوو كەو    كاتێ هەڵەستن لەخەو
دەمو كاتی بەیانی    شەیدا ئەكەن گۆرانی
ئەخوێنن لەناو دوڵان    سویسكەو وكەوی جوان
هۆشو بیرت ئەجۆشێ    ئەشێوێ وەك سەرخۆشێ
پۆل پۆل مەلی ناوچیا    دەستە دەستەو بەتەنیا
ئەفڕن ئەخوێنن شادان    ئەخەنە سەما انسان
گردی سوورو سەوزو زەرد    ئەبەن ژەنگو خەمو دەرد
شەقلاوە كوردستانی    بۆیە واشەنگو جوانی
ئەت پارێزم تاماوم    پێش كەشتە گیانو چاوم
وەك نیشتمانی گەلان    سەربەرزی لەڕێی ژیان
نەك من بەلكە هەزاران    هاتوونە كوڕی مەیدان
شانازی بەتۆ ئەكەم    كەمە چەندی وەسفت كەم
بۆیە ئەچمە كلۆتەوە    تاكوو ڕۆژم بێتەوە
ڕۆژی دێ ئەی نیشتمان    خاكی ڕەنگینی كوردان
نەتەوەی ئێمەی نەبەز    لەجهان ببێ سەر بەرز
وەكوو گەلانی ئازاد    دوژمنان بكا بەرباد

بەڕەنجی لاوی ووریا     دەنگی دەرخا لەدنیا
ئەوخاکە ئەو زەمینە     کە بەهەشتی ڕەنگینە
خەمی تیا نەمێنێ     کەس دەستی بۆنەهێنێ
بەڵێ ئەو ڕۆژە ڕوونە     لەسەر گەل لەبینینە
مێژوو پێشی ناگیرێ     بەگوللەو شیرو تیرێ
قافڵەی گەلان وائەڕوا     کورد لێی نابێتن جیا
گەرچی ئیستی جیماوە     چاوەنواڕی هەتاوە

خۆری ئازادی کوردان
پڕشنگی دا سەر کەژان !

●

هەرکەس بەبیرو هیزو بەپارەو پوول بنازێ
زەمانەو میژووی گەلان لەگەڵ ئەودا ناسازێ
خزمەت کردنی گەلە ناوو نیشانی دڵسوز
پێش ناکەوی ئەگەر گەل ڕازی نەبێ لەگەڵ هوز

# هیران[1]

٢٥/٨/١٩٥٩

هیران ئەی باخی هیوا　　لە دیمەنت دڵ شیوا
گەوڵی ، دڵی ، ئیمانی　　بەشێکی کوردستانی
لەژێر شاخی بەرزدای　　لە ئێواران سەد نەوای
کاتێ هاتم ئەی هیران　　خەمم چوو بووم بشادمان
زنجیرەی گردی سوورت　　کچو کوڕانی حوورت
دڵ برین تیمار ئەکەی　　بەناز گرفتار ئەکەی
لبنانو ئەلبی جوان　　ئەبەی لەلەش ئێشو ژان
توڵپەی کانیو دەراوت　　بەرزی کردوە ناوت
زەردەخەنەی ڕۆژی ڕوون　　کەدیتەدەر لە گەردوون
کیوو شاخی ( شەخسیان )[2]　　ئەبێتە قبلەی دڵان
خۆرهەڵات وەك کارەبا　　تریسکەی ڕۆژ لێی ئەدا
بلبل دێتە گۆرانی　　ئەفڕی لەناو دارانی
هەتا قەڵو کوندی شووم　　وەك جێگەی ترنین بەدووم

---

(١) هیران : ناحیەیەکە کەوتۆتە ولکەی خوشناوو سەربەقەزای « خوشناو »ە کە ئیستی ناوی شەقلاوەیە ٠ نزیکەی سعاتێك لەوەوە دوور ئەبێت تاپڵێی دێیەکی زۆر جوانو میوە دارەو ئاوی زۆر ساردە بۆ هاوینە هەوار زۆر بەجێیە ٠ (سافی) بوێژی بەرزی کورد لەم گوندە هاتۆتە دنیاوە ٠ بویە وادڵ تەڕبوە !!

(٢) شەخسیان : کیوێکە ئەکەویتە بەرامبەر هیران ٠

مالآت کاتی ئیواران　　دێنە خوار لەنساران
باعەی بزن بۆڕەی گا　　لەناو دولآن دەنگ ئەدا
بزن ئەکەوتە سەما　　گولکی گولك سوڕ ئەدا
دەنگی بلوێری شوان　　پێچ ئەخوا لەناو دولآن
دارو بەردو پووش‌و چیەو　　نووستوون هەڵەستن لەخەو
مراوی‌و دیمەنی ئاو　　بەکوێر ئەدا هەردوو چاو
قەتارو لاوك‌و حەیران　　دێتە گوێ لەناو داران
چەنگ‌و عودو سەدکەمان　　بەقوربانی یەك نەوان
شبینە شینایی ناو باخ　　سیل داران ئەکاتن ساخ
ئاوی (سوولاوك)(٣) وهاژەی　　کەدێتە خوار بۆ جادەی
ڕەنجت، خەمت نامینێ　　مژدەی شادیت بۆ دێنێ
بچو (بێلینگە(٤))ی خومار　　بڕوانە ناو دارو بار
پێت ئەڵێت ئەی‌لاوی ژیر　　نەکەی خاکت بێ‌ئەسیر
ساوە مەدە بێگانە　　بێتە ئەو نیشتمانە
بۆقی شەوانی جوگا　　بانگت ئەکا ئەی برا
کورد یەکیەتی پێ‌ئەوێ　　گەرمەبەستە سەرکەوێ
سێبەر کەهات ئیواران　　ڕۆژ کەکەوتە سەرکەژان

---

(٣) سوولاوك : پێش ئەوەی بگەیتە گوندی بێلینگە کانیەك هەیە ئەڕژێتە سەرجادە ناوی سولاوکە سولاوك یەنی «سولاڤ ـ تاڤگە»یە .

(٤) بیلینگە : گوندیکە ئەکەوێتە نزیك هیران بەسەر گردیکەوەیە ئێستی وێرانەیە جانازانم چاك بۆتەوەیانە ؟

دیی ( فریز )[٥] و (کاموسەك)[٦] ... ئەڕازین وەك چاو بەڵەك
بای نەسیم و لەنجەی دار ... وەکوو دانسی گوڵ عوزار
ئەی خاتە سوورو پێکەنین ... ئەچێژێ خۆشی لەژین
هەنجیری زەرد وشیەترێ ... بووکەو دێ یەخەت ئەگرێ
وەك قەدو زولفی لەیلا ... ئەسپیندار ئەکا شەیدا
( تایەفی[٧] ) و ( ڕەشمیری ) ... لێیان ئەبێتە زویری
ئەو ئەڵێ من جوانم ... شای ترێی کوردستانم
لەولا ( میرانی )[٨] ئەڵێ ... من جوانترم گەلێ
بارێزە هاتۆتە خوار ... وەك پلپلەو زولفی یار
ڕەزیش لەسەرلووتکەی کێو ... ئەڵێ بەهی ناو نشێو
« من لەتۆ جوانترم ... لەتەمەن جەوانترم »
هەرمی کەخۆی ئەنوێنێ ... لەگەڵا سەر دەردێنێ
ناچاری بیدوێنی ... وەك یار دەستی بۆبێنی
بۆنی کەی وەك شەمامە ... پێی دەزمان بکەی زامە
بڕۆ کانی ( قەڵاتۆك )[٩] ... ئەگەر پیری ئەبی کۆك
ئاوێنەی زیوەوسپی ... قوڵپە ئەداو هەڵ ئەچی

---

(٥) فریز : گوندیکە سعاتی دوورە لەهیرانەوە ·
(٦) کاموسەك : سی چاریگە سعات لەهیرانە وە دوورە ·
(٧) تایەفی وڕەش میری : دوو جوورە ترین کەیەك جار جوان و خۆش و بەتامن لەهیران باش ئەڕسکین ·
(٨) میرانی : جۆرە ترێیە کە زۆر بەناوە ·
(٩) قەڵاتۆك : گوندێکە نزیکی هیران پاش ماوەی کونە ·

سەرێ لە ( ئەشکەوت )[10] بدە     یادێ لە مێژووت بکە
چۆن باوکو باپیرانت     ئەتەوەی قارەمانت
کوردی دلێری نەمر     ناوی قەت نابێ بزر
وەك ( فەرهاد )[11] کێو ئەکولن     کوڕی ناو شاخو دۆڵن
خۆ دەنگی لاوكو حەیران     لەنیوەشەو ئێواران
دڵداریت ئەخاتە بیر     ئەتکاتە مەستو ئەسیر
سپیندار کەئەلەنگێ     لێی دێ ئاوازو دەنگێ
نەکەمانجەوو نەتار     نەیولونو نەشمشاڵ
ئاوازی وای لێ نایە     بەتەنیا کزەبایە
هەتا دڕکی ناو چۆمان     سوخمەی مەخمەڵەو کەتان
جا بابەس بێ ئەی هێران     وەسفت ناکرێ بەزمان
بەنووسینو بەهەڵبەست     بوێژ ناگاتە مەبەست
ئاواتو ئامانجی من     ڕزگار بوونە لە دوژمن
سەربەستیو کامەرانی     بۆ کوردو بۆ هێرانی

---

(١٠) ئەشکەوت : چەند ژوورێکی لەبەر دتاشراوە جێگای گۆڕستانی باوکو باپیرانی تایفەی کاکی هیرانە دیسان جیگا « خلوە »گرتنی شیخەکانی هیرانە ئەکەوێتە لای ڕۆژ هەڵاتی هیران بەسەر گردێکی دارستان دارە کەهەرخۆشی گۆڕستانی گوندی هیرانە ئەشکەوت بە پاش ماوەیەکی کونیش حساب ئەکریت ·

(١١) فەرهاد : ئەو دلدارەیە کە حەزی لەشیرین کردبوو ، بەهۆی ئەو دڵداریەوە کێوی ( بیستون ) کە ئەکەویتە نزیکی شاری ( کرماشان ) کۆلی بەلام وەکوو ئەزانین بەهیوا نەگەیشت · فەرهاد بە هەموو کەسێك دەلێن کەهێزو توانایەکی زۆری هەبێت بوێیش کردن ·

# نەورۆزی

**سالی ١٩٦٠ بەغدا**

وا نەورۆزی دڵانە — فەسلی باخو گوڵانە
وەك بووكی سوور ڕازاوە — چە دەشت چە گوڵستانە

★ ★ ★

کیو وەکوو قەدی لەیلا — لەنجە ئەکالە لەمەرلا
بلبل بۆ گوڵە شەیدا — چونکە یاری جەوانە

★ ★ ★

کانی زیوینێ دێتە خوار — بوناو دوڵو داروبار
وەکوو زولفی گوڵ عوزار — بلریزەش لەسەرانە

★ ★ ★

قومری‌و قازو مراوی — لەسەر جوگەوو ئاوی
پوورری شاپەرر خووناوی — ئەخوێنی خنجیلانە

★ ★ ★

شبەیدایە سونبلی سوور — ئەررفینی دڵ دوور بەدوور
سووسن ئەنوینێ سەد جوور — مایەی ژین‌و ژیانە

★ ★ ★

چە دەشت چە سەرنساران — بەگوڵاڵەی بەهاران
وەك کولمی سووری یاران — نەخشاوە زۆر جوانە

★ ★ ★

بای نەسیم دێ ناو بەناو     ئەدا لەسەروی دەم ئاو
دێتە سەما بەند کراو     لەم ڕۆژو لەو بەیانە

★ ★ ★

بۆنی هەلالەوو خاو     دڵو هوشت ئەکەن ڕاو
ئەبەخشن بەکوێر دوو چاو     وابەورۆزی دلانە

★ ★ ★

تریسکەی حۆری گەردوون     ئەدا لەپەڕەی بەیبوون
وەك زیوو دوررو ئالتون     تیکەڵاو بن بەدانە

★ ★ ★

پەلکە ڕەنگینەی ڕەنگین     لە سەر ئاسمانو زەمین
خوشی دینێ چین بەچین     وینەی ڕەگی ژیانە

★ ★ ★

چنارو سپیدارە     لەنجەیان گولغوزارە
دەنگی گەلایان تارە     نەورۆز جەژنو سەیرانە

★ ★ ★

چۆن بکەم باسی شەوان     تریفەی مانگی جوان
بزەی لێوی هەردوویان     بۆ بیماران دەرمانە

★ ★ ★

گۆرانی تافگەیی شەنگ     لەگەڵ خۆری دوو سەدڕەنگ
لەسەر جوانی شەررەو جەنگ     دوو دلبەرن مەستانە

★ ★ ★

وۆرشەی شوررەبی نازدار     کاتێ ئەکا لەنجەو لار
ئەباقۆشی سەدەزار     نەوای عودو کەمانە

* * *

سەبەقی سوور لەسەرکێو     وەك بزەی کچ لەسەرلێو
ئاسکەی ڕۆژی دەم نشێو     دێتە خوار بۆ دوڵانە

* * *

رووبار پێچ پێچ وەکوومار     لەسەرچیا دێتە خوار
کەفی زیوەو تریسکەدار     بەردی ژێری مەرجانە

* * *

میگەلی مەررو شوان     لەناو مێرگ‌و ناو پاوان
دەنگی بلوور وەك کەمان     لابەری ئێش‌و ژانە

* * *

ئەو خاکە کوردستانە     بویە واشەنگ‌و جوانە
جێی فریشتەی جەنانە     بۆن خۆش گوڵ‌و ڕەیحانە

* * *

نەورۆز بەڕەنگی سوورت     بەئاگرو گوڵو نوورت
بەوێنەی دووسەد جوورت     بەوکاوە قارەمانە

* * *

یادت بکەین هەموو ساڵ     ژینمان خۆش بێ وەیا تاڵ
دانێین گیان‌و سەروماڵ     لەرریی ئەونیشتمانە

* * *

ئازادی خاکی ڕەنگین بەخوینە نەك بەئەسرین
تانەمری نابینی ژین ئەوە پەندی زەمانە

★ ★ ★

حەیفە ئەوخاکە دیلە لە ژیر پێدا زەلیلە
ئەم شانو هیزوپیلە لەکارە بۆ بێگانە

★ ★ ★

بەڵام ڕۆژی وەك بورکان ئەتەقێ خاکی کوردان
سەرتاسەری کوردستان تێ ئەکوشن شێرانە

★ ★ ★

ستەمی . . . . . . . . فاشستانی بێ ئیمان
وەکوو کاوەی قارەمان وورد ئەکەن مێشکی وانە

★ ★ ★

ئەو خائنانەی گەلمان ئەفرۆشن بە هەرزان
لاشەیان لەسەر کێوان تێشووی کرمو مەلانە

★ ★ ★

جا لە خاکی کوردستان مەلبەندی شێرو مەردان
ئەبێتە جەژنی جەژنان زۆر نەمابەم زوانە

★ ★ ★

چونکە بەبێ ئازادی شینە نەك جەژنو شادی
تا بمێنی بێدادی زیندەگی کولك وژانە

★ ★ ★

بوپێشەوە ئەی لاوان　　بۆ ئازادی ، بۆ ژیان
بۆ ئاشتیو خۆشی گەلان　　تێ بکۆشن مەردانە

* * *

بشکێنە زنجیرو کۆت　　ئەی کورد لە قاچو ئەستۆت
ڕزگارکە منو هەم خۆت　　ڕۆژ ڕۆژی پاڵەوانە

* * *

شورشی بکە لە دنیا　　بیکە بەدەنگو هەرا
ئەوزیندانەی تۆی تیا　　بۆ دوژمنەو بێگانە

* * *

لەقافڵە دواکەوتووی　　وادەنگ دێ بۆچی نووستووی
بووکی سەربەستی واڕووی　　دەرخست لەهەڵمەت دانە

* * *

تۆش هەڵمەتێ هێرشێ　　خوێنی ساردت بجۆشێ
باجت باخوێن بنۆشێ　　مردن بۆژین ژیانە

* * *

دڵم ئاگری سوورە　　دەروون وەك جۆشی کوورە
کورد گەلێکی جەسوورە　　بوچ وامالی وێرانە ؟!

* * *

بۆ یەکیەتین بۆیەواین پارچە پارچەو بەرەڵاین
شیرین بەڵام لەبەندین ڕێوی فەرمان بەرمانە !

* * *

هەر کاتێ بووین بەیەك دەست نامانە ژێر پیس و پەست
ئەژین شادانو سەربەست لەم دەورو لەم جیهانە

●

## دەهۆڵ

دەهول بۆخۆت هەڵ مەگرە
ئەی زاناوو هونەروەر
بێهەستو بێ دەنگو ناو
بۆپێش ئەچێ بێ خەتەر
بەکردەوەو بەبیرە
بەرزو مرۆڤی کۆشەر
هەمیشە سووكو پووچە
فیشاڵ باز ، خۆ بەدەرخەر !؟

# ئەی چقڵ

بەغدا ١٩٦٦

ئەی چقڵ ئەی بەرد دڕکی تیژی بەد
دوژمنی گوڵو سونبلو نەوەرد
بۆ تۆو وێنەی تۆ بۆ بتویمەوە
بەسەد کۆتو بەند ببەسرێمەوە ؟
بۆچی ژیانم لەخۆم تــاڵ بکەم
دوژمنی ناحەز بەخۆم زاڵ بکەم
بو ئێوە بچمە سەرشاخ نانی جۆ
نەم بێ بۆ خواردن لەگەڵ قومێ دۆ ؟
ئێوەش لەباوەش گوڵان بخەون
بەردبن بەسەرو مێشکمان کەون ؟
زامارکەن لەشمان کەچی پیرۆزبن
وەك گوڵی گەشی کاتی نەورۆزبن ؟
کوێرکەن چاوانی ڕەوشەنی زانین
بوت ببەرستین نەزانین بوتە
کەچی داخەکەم قەت پێی نەزانین
دوژمنی هەرە گەورەی میللەتە ؟!
لەسەر ڕێگای ژین ژینی گەلی کورد
ببن بەکۆسپ لەدرشتو وورد !

چقل ئەی درِك قەت نابن بەگول
زامی ئێوەیە لەناو جەرگ‌و دل
گەلی نەزان بێ نازانێ ئازار
لەکوێ دێ بۆ گەل گەلی بریندار
درِك لای گول‌و چقل خونچەیە
زاناو بەهۆشی لا دیوانەیە !
ئەوەی تێ‌بگا ووتاری بوێژ
زانا ئەکاتن پیاوانی گێژ
هیندێکیش ئەڵێن قسەی خۆڕایە
ووتاری( ئێمە )فوەو هەوایە
هەوری نەزانی وای لە ئێمە کرد
ڕاستی لەلامان فەوتا نەما مرد !
بۆیەکتر چووینە ناو سەنگەڕی شەڕ
یەکتر ئەکوژین لێك بووینە نشتەر !
گیان‌و لەشی کورد هەنجن کراوە
بۆیە لەگەلان کەوتینە دواوە !

●

# نرخی وولات

قەلادزە ١٩٤٦

گوڵو گوڵزاری کێوانم بەسەد باخو چەمەن نادەم
هەڵاڵەی دامەنی شاخم بەسەروو یاسەمەن نادەم
بریقەی ئاوی ناو کانیم بەکانی کەوسەری نادەم
چنارو شەنگەبی شاخم بەگوڵزاری ئیرەم نادەم

★ ★ ★

ئەگەر دووربم لەدامانی ئەسووتی دەستو دامانم
نەسیمی میرگو ڕووباری بەیاری زیو تەن نادەم
وەگەر ژەهراوو تاڵاوی وولاتم بێ لەتەنگانە
بەشیرو شەکرو نوقڵاوی دەسی ناسك بەدەن نادەم

★ ★ ★

بەپێخاوسی لەهامون بم لەژێر پێم تاجی شاهانە
لەبەرچی درکی ناو خاکم بەئاوریشمی (خوتەن) نادەم
قەتاری کەو لەسەر لیڕان ئەبا هۆشی سەری زانا
دەمێ نەشئەی سەری کێوم بەشمشادی چەمەن نادەم

★ ★ ★

بروسکەی هەوری زستانی لەگەڵ دەدگی وەکوو تۆپێ
بەسازو عودو موسیقەو بەچەنگ و هەم کەمەن نادەم
قوڕو چڵپاوی کۆڵانی لــەبۆ ئێمە لەجێی ســـورمە
لەبۆ چاو ڕخداریکە بەعەترو نەســــتەرەن نادەم

★ ★ ★

بەسە (ووردی)وولاّتی تۆ بەهەشتی سنەر بەهەشتانە
(گلێخە)ی تاڵی بێ ناوی بەدۆزو زەردەوەن نــادەم

◉

---

ئەوەی نەڕێژێ فرمیســـکی خوێنین
نــازانی تــامی ئــازادی لــەژیــن
ڕەنج بــەبــەر دێنێ نــەمــامی ژیــان
ژینیت خوش نابێ بێ دەردو زیــان

## چەند چوار خشتەکیەك

### ئاشتی

ئاشتی هێوای گەلانە ڕۆژو بەری ژیانە
هەرکەسێ ئاشتی نەوی لە ڕیزی دڕندانە

### بێمەینەت

بێمەینەتو ناخۆشی خۆشیو شادی نابینی
بەری کۆشانو ڕەنجت هەر بەبێ بەر ئەمێنی

### تاکوو

تاکومیللەتیەك نەگرێ پێرو لاو ژنو پیاوی
هەر ژێر دەستوکویلەیە بەشیەتی بەجێماوی

### ئەوەی

ئەوەی بۆ کورسیو پارە بکۆشێ
ژەهری کەوتنو مەینەت ئەنۆشێ
هەرپاش کەوتوە لەمەیدانی ژین
نای گاتی تیشکی ڕۆژی ڕاپەڕین

# منو دجلەو بەغدا

بەغدا ١٩٦٠

دجلە ئەزانی ئاوی وازۆرت
شالآوو شەپۆل لەخوارو ژۆرت

ئەو ئاوەی کەچەند ملیۆن لە انسان
تێر ئەکاو ژینە ، پیتە ، سەد سامان

لە کوێ دێتە خوار باشی ئەزانی
دورست بووی کانیو بەفری کوردانی

ئەوکانیاوانەی وەك زیوو ئاڵتوون
دێنە خوار بۆ دۆڵ پاكو سافو ڕوون

تۆ منالێکی کوردستانی جوان
تۆپێ ئەگەینی پیت ، ئەدەی ژیان

گەر سیروان ، زێی کۆ ، بادینان نەبێ
بەغدا بوکێکی وەکوو تۆی ئەبێ ؟

ئاونی ئاڵتوونی دێیتە خوار بەڵام
سوودت بۆم نیە چونکە لەخەودام

سەدەها ملیۆن نرخی هەرساڵتە
ژیان یەك نیگای چـاوی كاڵتە

كاتێ ئەڕوانم ئەخشیت بەرەو خوار
وەكوو دیلێكی گرابێ ڕزگار

چونكە لەخاكی كویلە هەڵ ئەقوڵی
گەلێ ئەبینی كەدەستو ملی

بەكوتو زنجیر توند بەستراوە
ئاوی ئاو ئاساش لەئەو تۆراوە !

وا ڕۆژ ئاوایە بەڵام دیمەنی
ڕۆژ لەسەر ( دیژلە ) پێم پێ ئەكەنی.

ڕووی گەشی بەرەو ئاوابوون ئەچێ
لەداخا ( دیژلە )ش ئاوی هەڵ ئەچێ

( دجلە ) بڕو خوار ئیستی بێ هیوا
بەڵام ڕۆژی دێ بیتەوە ووریا

ئەم خاكەی كەتۆی دورست كردوە
میللەتی نووستووی ڕۆژی هاتوە

بەلێ ڕۆژێكی وائاوی دەریات
چیكە بەفیڕو بۆ دەریا نەڕوات

لەناو دۆڵەکان ، لەگۆمی ( دووکان )
لە ( بەستیشەرغە ) لە ( دەربەندیخان )

بۆت هەڵ ببەستن بناوانێ وا
دڵۆپێ ئاوت بەفیرۆ نەڕوا

ئەو بەراوانەی ئیمرۆ بی گیانن
ئەو زەوی‌و چوڵەی، دڕکو پاوانن

هەمووی ببێتە گوڵزارو باخات
داپۆشری بەیەك کراسی زرعات

بۆهەر لا بچی سەوزاییو چەم بێ
هەتا ( قوڕفە )شت باخی ئیرەم بێ

بەڵێ ئەی ( دجلە ) دووری مەزانە
چونکە زەمانە هەر لەسووڕانە

ئەو وتەیەی من بالای توو من بێ
شەپول بی‌نووسە نەوەکوو وون بێ

بابەجیت بێڵم ( دجلە )ی کوردستان
هەتا روژم دێ بۆت بێمە مەیدان

شەرتە نەهێڵم سەرکێشی بکەی
واکەڕو لاڵ بی‌و سەرخۆشی بکەی

وات ببەستمەوە بەهونەر ، زانین
هیچ دادت نەدا فرمیسك بارین

مەڵێ من ئێستێ دێوم ناگیریم
ڕائەدەم هەرچی بکەوتە بەر ڕێم

زۆر لەتۆش تووش تر کەوتونە ناوداو
زانست مانگ‌و ڕۆژ ئەکا بەندوراو

ئیتر من‌و تۆو زەمانەی هاتوو
ئەوانەی ووتم ئەی هێنێتە ڕوو !

●

## بسووتێ !!

بسووتێ هەر وەکوو مۆم بۆ ژیانت
لەڕێگەی ئارەزوو نیشتمانت
چرای رووناك كەرو پیش‌ڕەو بە ئەی لاو
بەزانست‌و هونەر دێ تۆ بەیانت
ئەگێنا هەرشەوە بۆ تۆو میللەت
لەخاکت دا دەمینن دوژمنـــانت
هەموو ڕەنج‌و هەوڵ دانت بەلاشە
ئەدزرێ لێت بەرو بووم نەوت‌و کانت
گەلی نووستوو خوراوە مافی ژینی
ئەبێتە چەشنی ڕێباز سینگ‌و شانت

# ئــازادی

بەغــدا ١٩٦٢

ئازادی خوێنی ئــەوێ
بەبێ ڕەنج دەس ناکەوێ

ردن لەڕێگەی ئــەودا
دەست هەموو کەس ناکەوێ

بەڵام زۆر کەس بەناوی
ئەو ئیش ئەکاو ناشیەوی !

ســەرزارەکی فیــداکـار
لە ژێرەوەش هەرشەوێ

پیلان دائەنی بۆ گەل
بۆ نیشتمان ژێر کەوێ

گەرچی ئیمڕو نای دینی
بەڵام هەردێ دەرکەوێ

زۆرم دین دوژمنی گەل
لە هەرکردەو پەیڕەوێ

کەچی زۆرکەسی نەزان
بێهۆش دوای ئەکەوێ !

●

# ئــازادی

**لە هەڵبەستی پۆل ئیـلوار وەرگیراوە ١٩٥٨**

لەسەر دەفتەری قوتابخانەکەم
لەسەر گەڵای دار مێزەکەم
لەسەر شەختەوو زیخو لم
لەسەر نیزەوو شـیرەکەم
نــاوت ئەنووسم ئــازادی

* * *

لەسەر پەڕەی ڕەش کـراوە
ئــەوەی هێشتا سپی ماوە
لەسەر بەرد یاخوێنو ئێش
کاغەز وەیا خود خوڵەمێش
ناوت ئــەنووســم ئازادی

* * *

لەســەر ســەلیبی لــە ئاڵتوون
چەكو تفاقی شــەڕو خــوون
لەسەر تاجو تەختی شاهان
شیرو نیزەی ئــازاد خواهان
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەناو دارستان دەشتو چۆڵ
لەسەر گیاوو مێرگو گۆڵ
لەسەر یادی ڕۆژی منالیم
ڕۆژانی مەینەتو تالیم
ناوت ئەنووسم ئازادی

★ ★ ★

لەسەر باڵی شەو ، مانگە شەو
لەسەر نانی ڕۆژانی نەو
لەسەر فەسالانی خۆشی ساڵ
لەناو زیندانو گوڕو چاڵ
ناوت ئەنووسم ئازادی

★ ★ ★

لەسەر هەورانی زەردو سوور
لەڕووی ڕۆژی تەماوی دوور
لەسەر تیشکی مانگی چواردە
یائەو مانگەی ڕەنگی زەردە
ناوت ئەنووسم ئازادی

★ ★ ★

لەڕووی باخانی پڕ لەگوڕڵ
لەسەر ئاسویی دوورو زل
لەسەر باڵی باڵداری جوان
لەسەر ئاشی تـاری ژیـان
ناوت ئەنووسـم ئازادی

* * *

لەجەرگەی هەر بەیانیـەك
لەسەر دەریاو هەرکەشتیەك
لەسەر لووتکەی کێوی بەفرین
لەسەر باڵو شەپولی ژین
ناوت ئەنووسـم ئازادی

* * *

لەسەر ڕووی گرژی هەورەکان
لەناو تریفەی بەر بەیان
لەسەر رەهێڵەوو باران
لەناو جەرگی گەشی ژیان
ناوت ئەنووسـم ئازادی

* * *

لەســەر هەرشــتێ پڕشنگدار
لەسەر تیشكو لەسەر نێگار
لەسەر سینگی فریشتەی ڕاستی
لەڕووی جــوانی كردگــار
ناوت ئەنووســم۔ئــازادی

* * *

لەسەر هەر ڕێگەی كراوە
لەسەر ئەوەی بەستڕاوە
لەسەر مەیدانی پڕ لەخەڵك
ئەوەی خوێنی لێ ڕژاوە
ناوت ئەنووســم ئــازادی

* * *

لەسەر چرایی ڕەوشەنە
ئەوانەی كە كوژاوەنە
لەسەر بانی ماڵی خێزان
كەلێی دێ دەنگی مناڵان
ناوت ئەنووســم ئــازادی

* * *

لەسەر میوەی پێ گەیشتوو
یائەو میوەی نەگەیشتوو
دیوار ئاوێنەی ژوورەکەم
سەرین ، پیخەفە شڕەکەم
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر پشتی سەگە دڕەکەم
بەوەفاو خوشەویستەکەم
لەسەر دووگوێ هوشیارەکەی
لەبان نینۆکە تیژەکەی
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر دۆریخەی دەرگاکەم
لەسەر هەرشتێشك ئەبەم
لەسەر گڵپەی ئاگری پیرۆز
ئاگری شۆڕشی هەرهۆز
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر ڕووی هەرشتی جوان
لەسەر ڕاپەڕیوی لێوان
هەتا لەسەر باڵی کزی
لەناو جەرگەی دەنگی کێوان
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر لەشانی کامەران
نیوچەوانی تێکۆشەران
لەسەر دەستی درێژ کراو
یا ئەو دەستەی بۆ هەق بڕاو
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر ماڵە ڕماوەکەم
لەتەك بانگە کوژاوەکەم
لەسەر دیواری بێزاریم
لەسەر لێوبادەی خوماریم
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر وون بوونی بێ ئاوات
لەسەر گۆشەگیری و خەبات
لەسەر هەنگاوی دەم مردن
لەسەر سێدارەوو کوشتن
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

لەسەر چالاکی دووەم جار
لەسەر زام و خەم و ئازار
لەسەر هیوای بێ یادگار
فرمێسک ، شەونمی مێرغوزار
ناوت ئەنووسم ئازادی

* * *

بەهێزی تەنیا یەک ووشە
ژیانم دووبارە گەشە
لە دایک بووم تابت ناسم
ناوت بێنم لەهەر باسم
توی نەمر هەرگیز ئازادی

* * *

# بەشۆرش

بەشۆرش میللەت ئەبێ ڕزگاری
لەدەست خوێن مژو لەچەنگ بەدکاری
بەسولحو خۆشی هەق وەرناگیری
بۆ کرێکارو چینی جووتیاری
زالم هەست ناکا بەمافو ویجدان
تاووردی نەکەی نەدەی ئازاری
کەوابێ هەستن ئەی چینی رەنجبەر
ڕیك کەون دژی سەرمایەداری
هێرش بەن بەتاو وەکوو دلێران
تێك بدەن قەڵای سەختی زۆرداری
لەجێی دورست کەن قەڵای ئازادی
قەڵای خۆشیوو هی بەختیاری
ئەو ڕۆژە کاتو جەژنی میللەتە
ڕۆژی هەزارە ڕۆژی ڕزگاری

سابلاغ ١٩٤٦

# کریکاری کوردو جەژنی ئەیار

ئەیار ١٩٦٠

بەخێر هاتی ئـەی ئەیـــار
جـــەژنی ڕووتو کرێـکار

جەژنی گـــەلی بەش خـوراو
ڕۆژی چینی چـــەوسێنراو

پیرۆز بێ لێتـان هەرســـاڵ
نـەبینن چــەڕۆژی تـــاڵ

ســـەلاو بـۆ کرێـکاران
کرێـکاری کوردســـــتان

پاڵـەی ســنەو دیاربەکـــر
بەتین وەك گڕو ئـاگـــــر

ڕەنجبەرانی کرماشـــــــان
بەرهـەم دەری پـاك ئێران

ســـەلاو بۆ سـلیمانی
بۆ پـاڵـەی قـارەمـــانی

بۆکەرکوك شــاری کوردان
بنچینـەی نـەوتو ســامان

گەرچی ئێســتێ بێدەنـگن
لەتـەنـگیو شـــەوەزەنگن

بـەڵام ڕۆژێ هەموتـــــان
ئەبـن بـەیـەك وەك شێران

داگیرکـــەرو چەوســێنەر
خۆفرۆشو دزی گـــەڕ

ڕەنجی ئێـــوەنـەنۆشـــن
خۆتـان بۆگشـت بکۆشن

بەڵێ ڕەنجبـەرانی کـــورد
مێژوو ئەڵێ ئـەبنـە پـــرد

بناغـەو دورســـت کـەرن
بۆ هـەر هێزی ڕەهبـــەرن

دیســـان ســـەلاو بۆئێوە
بۆئـەو چینـــە بەنێـــوە

پیرۆزبێ جـەژنی هـەموان
بـژی کوردو کوردســـتان

# لەنامیلکە چاپ کراوەکانی
# ووردی بەزبانی کوردی

١ ـ لەبەینی شەڕو ئاشتی

٢ ـ دەنگی جەزایر

٣ ـ ناسرو ماڵ ماڵ

٤ ـ حەسەنو مریەم

٥ ـ گوڵی ناکام

٦ ـ ویستم ژن بینم

٧ ـ کوردو شورشی چواردەی تەمووز

٨ ـ سەرەتایەك لەمێژووی میللەتی کورد

٩ ـ فولکلوری کوردی بەشی یەکەم

١٠ـ فولکلوری کوردی بەشی دووەم

١١ـ چوونی ٠٠٠٠٠ بۆسۆڤیات

١٢ـ داده یارەی قارەمان

١٣ـ قەلای دمدم

١٤ـ خانزادو لەشکری

١٥ـ بانگی کوردستان

## لەبەشەکانی تری ئەم دیوانە

١ ـ هەندێ هەڵبەستی فولکلوری

٢ ـ تریفەی بانگەشەو

٣ ـ زەنگی ئازادی

٤ ـ بێ ئیش

٥ ـ زستانی هەژار

٦ ـ بەستەی سەربەستی

٧ ـ گریەو پێکەنین

٨ ـ بوێژی ئاوارە

٩ ـ نرخی بوێژ

١٠ـ گوڵی ناکام ـ بەرگی دووەم

[ نرخی ٨٠ فلسە ]

١٥٠٠ ـ ١٩٧٠/١/٣٠